## شۆڕشی نەتەوایەتی کورد

کتێبی Le Mouvement National Kurd نووسینی کریس کۆچێرا ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی لە پەیوەندی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و ساڵانی سەدەی بیستەمی مێژووی کورد بەتایبەت لە باشوور و باکووری کوردستان خاوەنی گرنگایەتی تایبەتە.

بەشی پەیوەندیدار بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر لە بەشەکانی دیکەن، بەڵام چەشنە ئاوڕێک لەویش دراوەتەوە. ئەم کتێبە جارێک لە لایەن کاک ئیبراهیمی یۆنسی یەوە کراوەتە فارسی و ناوی "جنبش ملی کرد"ی لێ نراوە، جارێکیش لە لایەن کاک محەممەدی ڕەیانی یەوە کراوەتە کوردی و بە ناوی "مێژووی کورد لە سەردەمی ١٩ و ٢٠ دا" بڵاو بۆتەوە. وەرگێراوە فارسییەکەی کاک برایم وا هەیە زیاتر جێگەی پشت پێ بەستن بێت، گەرچی لێرەشدا ئاغای یۆنسی جارێکی تربەربۆتە سەر و گوێلاکی کورد و لە سەرەتایەکدا کە بۆی نووسیوە، شەرت و شۆی ڕێبەرانی کوردی دەرهێناوە، بەڵام تەرجەمەکەی بە گشتی بە متمانیە. منیش ئەم یادداشتەم لەبەر دەقی فارسی کتێبەکە دەنووسم :

بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا بریتین لە مانەی خوارەوە :

لاپەڕە ١٩٥ : ئەندامی بنەماڵەی قازی محەمەد، کە خوێندەوار و ئایینی و نەتەوە پەرست بوون، خاوەن مڵکی گەورەش بوون و چەند پارچە مڵکیان لە ناوچەی بۆکان هەبوو.
لاپەڕە ١٩٧ : بە گوێرەی هەندێک ریوایەت، رووسەکان دوای ئەوەی زانییان کە ئینگلیزەکان لە بۆکان دانیشتنیان لەگەڵ ئەعیان و گەورەپیاوانی کورد دا هەبووە، کەوتنە خۆ و دوو ئەفسەری سۆڤیەتی لە واتادا هەندێک لە ئەعیانە کوردەکانیان دزی، خستنیاننە ناو ترومبیلەوە ... و لەوێوە بردیانن بۆ باکۆ.... ئەمیر ئەسعەد و حاجی بابە شێخ لە بۆکانەوە ...
لاپەڕە ١٩٨ : بە گوێرەی یەک لە بانگهێشتنکراوەکان، واتە ئەمیر ئەسعەد [عەلی ئاغای عەلیار]، باقرۆف پێی گوتن کە یەکیەتی سۆڤیەتی "بە چاوی ئەرێ یی دەڕوانێتە سەربەخۆیی گەلانی بچووک"، بەڵام "هێشتا کات بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە... و کورد دەبێ دەست ڕابگرن".
لاپەڕە ٢٠٠ : لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٢ دا دانیشتوانی مەهاباد لە ململانی نێوان قازی محەمەد و ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری ڕەنجیان دەکێشا .... لە مانگی فوریەی ١٩٤٢ دا ئەمیر ئەسعەد و هەندێک لە پیاوانی مەهاباد ... پەیوەندیان بە سپەهبود شابەختییەوە گرت لە سەقز و ئامادەیی خۆیان بۆ دابین کردنی نەزم بە ناوی دەوڵەتی ئێرانەوە دەربڕی .... قازی محەمەد بۆ نارەزایی دەربڕین لە دانرانی ئەمیر ئەسعەد بۆ فەرمانداری مەهاباد، چوو بۆ تاران. ئەمیر ئەسعەد نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی لە مەهاباد سەقامگیر بکات و لە مانگی ئووتی ١٩٤٢ دا مەجبوور بوو خۆی لە کارەکە بکشێنێتەوە.
لاپەڕە ٢٠٣ :ململانی و بشێوی و ناکۆکی لە نێوان سەرۆکانی کورد دا هەرگیز تا ئەو ڕادەیە توند و تیژ نەببوو. لە نێو سەرۆک هۆزەکاندا، سێ کەس ڕووبەڕوی

یەکتر وەستابوون: ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری، عەبدوڵڵا بایەزیدی مەنگوڕ و قەرەنی ئاغای مامەش.
لاپەڕە ٢٠٦ :کۆمەڵە کە لە بنەڕەتدا ڕێکخراوێکی ناو شار و لە چوارچێوەی مەهاباد دا بوو، لە نێو سەرۆک هۆزەکان، هەر لە "خۆی"ەوە لە باکوور، تا بۆکان و سەقز لە باشوور، ئەندام وەردەگرێت.
لاپەڕە ٢١٢ : ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارەی ١١ فوریەی ١٩٤٥) ناوی وەزیرانی "دەوڵەتی میللی کوردستان"ی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: سەرۆک وەزیر: حاجی بابە شێخ، ڕاوێژکار: عەبدولرحمان ئیلخانی زادە (خاوەن مڵک)، ڕێگاوبان: سمایل ئیلخانی زادە (خاوەن مڵک).
لاپەڕە ٢١٧ : شەڕی قارەوا
لاپەڕە ٢٢٤ : ڕۆژی ١٦ دیسامبر قازی محەمەد و سەیفی قازی و حاجی بابە شێخ و چەند کەسی تر لە سەرۆکانی ماهاباد چوون بۆ میاندواو تا خۆیان بدەن بەدەست سەرلەشکر هومایونییەوە.
لاپەڕە ٢٢٥ : بارزانی لە بۆکان لە ١١ دیسامبری ١٩٤٦ دا ڕایگەیاند "ئەوە کورد نەبوو کە لە سوپای ئێران تووشی شکست هات، حکوومەتی سۆڤیەتی بوو لە ئەمریکا و بریتانیا شکا".
لاپەڕە ٢٣٠ : لە هەمان ساڵی ١٩٥٣ دا ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێک ناوچەی مەهاباد دەگرێتە خۆ، و لە ناوچەی بۆکان وەرزێران دژ بە خاوەن مڵکە فیئۆدالەکان ڕادەپەڕن.

ئەو بابەتانەی سەرەوە، لە دەقی کوردیدا کەوتوونەتە ئەم لاپەڕانەوە:
٢٤٦، ٢٥١، ٢٥٢، ٢٥٩، ٢٦٣، ٢٧٠، ٢٧٦، ٢٨٥، ٢٨٧، ٣٠١

Chris Kutschera, „Le Mouvement National Kurd“, ١٩٧٩; Flammarrian, Paris

کریس کۆچرا، "جنبش ملی کرد"، ترجمه ابراهیم یونسی، چاپ دوم ١٣٧٧[١٩٩٨]، انتشارات نگاه، تهران
ISBN : ٩٦٤ – ٦١٧٤ – ٤٦ – ٩

کریس کۆچێرا، "مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠-١٩ دا"، وەرگێرانی محەمەد ڕەیانی، ناشر: وەرگێر(؟)، چاپی دووهەم، ٢٠٦٣ ی کوردی، ١٣٦٩ی هەتاوی [ = ١٩٩٠]، ٥٩٥ لاپەڕە، کوردی.